# ئەوەی پێویستە بیزانیت بەر لە ڕۆیشتن بۆ ماڵ

تەمەنت هەر چەندێ بێت، لەوانەیە پێویستییت هەبێت بە چاوەدێریی و پەرستیاریی پاش مانەوە لە نەخۆشخانە. ناوەڕۆکەکەی ئەم نامیلکە دەتبات بۆ هەموو قۆناخەکان لە خەوتنت لە نەخۆشخانە تا دەرچوونت.



## تۆ دەبێ هەستبکەیت بە دڵنیایی و پارێزە لە ماڵدا

Region Örebro län

# کەی دەڕۆیت بۆ ماڵەوە

کاتێك دەردەکرێیت لە نەخۆشخانەکە و دەڕۆیت بۆ ماڵ، زانیاریی نووسراو وەردەگریت لەبارەی کاتەکەت لە نەخۆشخانەکە. زانیارییەکە دەبێ ناو و ڕێگای پەیوەندیی بۆ پەیوەندیی چاوەدێریی هەمیشەیی، تێدا بێت. ئەو ئامرازانەی یارمەتیی کە پێویستیت پێیانە کاتێ دەڕۆیتەوە بۆ ماڵی خۆتان، تاقیکراونەتەوە بە پێی پێویستیت و هەروەها لیستەیەك پێت دەدرێت کە تیایدا نووسراوە چ دەرمانێك بخۆیت.

ئەو زانیارییە وەردەگریت لە کاتی دەرکردنت لە نەخۆشخانەکە، پوختە باسە لەبارەی هۆی چاوەدێریکردنت و چی ڕوویدا لە ماوەی بوونت لە نەخۆشخانە. پلاندانانەکە کار پێی دەکرێت تا تۆ پلانی تاکەکسیی ڕێکخراوت (SIP) هەیە.

## لیستەی ئەو شتانە دەیانبەم لەگەڵ خۆمدا بۆ ماڵ:

.................................................................................................................................

.................................................................................................................................

.................................................................................................................................

.................................................................................................................................

.................................................................................................................................

.................................................................................................................................

Region Örebro län

**Postadress:** Region Örebro län, Box 1613, 701 16 Örebro **E-post:** regionen@regionorebrolan.se
**Besöksadress:** Eklundavägen 2, Örebro **Tel:** 019-602 70 00 **Fax:** 019-602 70 08
www.regionorebrolan.se

# پلاندانان دەستپێدەکات لە سەرەتای کاتی خەوتنت لە نەخۆشخانە

پاش مانەوەت لە نەخۆشخانە، دەبێ بە دڵنیاییەوە بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵی خۆت بە یارمەتیی ئەو کۆمەکە کە پێویستیت پێی هەیە. بۆیە، لە نەخۆشخانەکە هاوکاریی نزیکمان هەیە لەگەڵ شارەوانییەکەتدا و ناوەندی تەندروستیی /بنکەی پزیشکیی ناوچەکەتان. کاتێك دەخرێیتە نەخۆشخانە، ئێمە ئاگاداریان دەکەین کە تۆ تیماردەکرێیت لای ئێمە تا بتوانرێت پلاندانان دەستپێبکات. هەروەها لە ئاگادارییەکەدا پێیان دەوترێت لە چ ڕۆژێکدا چاوەڕواندەکرێت بگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە. ئەگەر تۆ ڕازی بیت، ئەوان زانیاریی وەردەگرن لەبارەی هۆی تیمارکردنت لە نەخۆشخانە، کە هەمان ئەو زانیارییانەیە وەریان دەگریت لە پزیشکەکەت. هەمووی بۆ ئەوەیە لە ماوەی چاوەدێریتا هەموو شتێك بە باشی بڕواتە سەر بۆت.

## وا دانانی بەرواری دەرچوون لە نەخۆشخانە:

.................................................................................................................................................

## پەیوەندیی چاوەدێریی هەمیشەیی

لە ماوەی بوونت لە نەخۆشخانە، دەزانیت کێ پەیوەندیی چاوەدێریی هەمیشەییتە لە ناوەندی تەندروستیی /بنکەی پزیشکیی ناوچەکەتان. ئەو کەسە یارمەتیت دەدات لە کاری وەك ڕێکخستن و پلاندانانی چاوەدێریی و پەرستیاریی بەردەوامت کاتێك دەگڕێیتەوە بۆ ماڵی خۆتان و پاش ڕازیبوونت و بانگدەکات بۆ پلاندانانێکی تاکەکەسی ڕێکخراو (SIP).

## پەیوەندیی چاوەدێریی هەمیشەییم ئەمەیە:

.................................................................................................................................................





## پلاندانانی تاکەکەسی ڕێکخراو (SIP)

گرنگە تۆ دڵنیا بیت لە ئەوە کە دەزانیت چی پلان کراوە بۆ چاوەدێریی بەردەوامت و ڕووبکەیتە کوێ کاتێك گەڕایتەوە بۆ ماڵی خۆت. پلاندانانەکە دادەنرێت بە پێی ئەو شتانە گرنگن بۆت. تۆ خۆت لەگەڵدا دەبیت و بڕیاری ئامانجەکە دەدەیت بۆ تیمارکردنە بەردەوامەکە و ڕێگا بۆ ئەوێ.

لە پلانەکە دەبێ بە ڕوونی بزانرێت هەر کەسێك بەرپرسیاری چیە. بەرپرسیاریی تۆ و خزم یان هاوڕێکانت چیە و ئەو کاروبارە جیاوازانە کە تیایەتی، دەبێ کۆمەك بکرێن. هەروەها گرنگە بڕیاربدرێت چۆن دەبێ بەردەوامیی ڕووبدات.

تۆ لەگەڵدا دەبیت و بڕیاردەدەیت لە کوێ پلاندانانەکە دەبێ بکرێت. لە ماڵەوە لای تۆ زۆر جار بژارەیە. لەوانەیە دەرفەت هەبێت بۆ بەشداران بەشداری بکەن لە دوورەوە لە ڕێگای ڤیدیۆوە، کە لەوانەیە هاسانی دەکات بۆ ئەو خزمانە کە دەخوازیت بەشداربن لە کۆبوونەوەکە.

## ئەمە گرنگە بۆ من:

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................

.................................................................................................................................................